گەڕان بەدوای تەرمەکانی ڕووداوی هێلیکۆپتەری ئێران کۆتایی هاتووە



ئاژانسی میهری ئێرانی لەبارەی ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەی سەرۆک کۆماری ئێران، بەیانی ئەمرۆ دووشەممە ڕایگەیاند، دوای دۆزینەوە و کۆکردنەوەی تەرمی قوربانیانی ڕووداوی کەوتنەوەی هێلیکۆپتەری سەرۆک کۆماری ئێران، تەرمی قوربانیان دەگوازرێتەوە بۆ میعراجی شەهیدانی تەبرێز.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی مەهر، پیرحوسێن کۆلیوەند، بەرپرسی مانگی سوور ڕایگەیاند: "تەرمی قوربانیان ان دەگوازرێنەوە بۆ میعراجی شەهیدانی تەبرێز و گەڕان بەدوای تەرمەکاندا کۆتایی هاتووە".

دوێنێ یه‌کشه‌ممەی (19ـی ئایاری 2024)، لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆک □کۆماری ئێرانەو ئیلهام عەلیف، سەرۆکی ئازەربایجان بەنداوی "قیزکالە سی"یان کرده‌وه‌□ کە لەنێوان هەردوو وڵاتدا بە هاوبەشی دروستکراوە، پاش ڕێوڕەسمەکە و له‌کاتی گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ تاران، هێلیکۆپتەرەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی توشی ڕووداوێک دەبێت و بەیانی ئەمرۆ دووشەممە بەفەرمیی تەلفزیۆنی فەرمیی ئێران □ ئێران گیان لەدەستدانی سەرۆک کۆماری ئێرانی ئیبراهیم ڕەئیسی و حسەن ئەمیر عەبدوڵڵاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران و نوێنەری عەلی خامنەیی و تیمی فڕۆکەوانی

□ا گ□یا ند.